# دەست درێژی کردنە سەر ڕێبین تەها قبوڵ ناکەین

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاواتی شێخ جەناب بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی وەکو گورگی برسی پەلاماری ڕێبین تەها سەرنوسەری ڕۆژنامەی داینەمۆ کە دەنگی پاشماوەی ئەنفالەکانە دا و لەمەڵبەندی گەرمیان بۆ چەند کاتژمێرێك دەسبەسەری کرد و دواتر بە مۆڵەتی پێنج ڕۆژ ئازادی کرد ، بە تاونی ئەوەی کە قسەی لە سەر کۆنەبەعسی و جاشەکانی نێو یەکێتی کردووە ، ڕێبین تەها وەك گەنجێکی پاشماوەی ئەنفال کە خاوەنی 38 شەهیدی بنەماڵەکەی و 170 ئەنفالە هەمیشە لە سەنگەری دیفاع کردن بووە لە کەسوکار و پاشماوەی ئەنفالەکان و بەرەنگاری کۆنەبەعسی و جاشە ئەنفالچیەکان بووتەوە ، و نەترسانە خراپەکاری و تاوانەکانیانی خستۆتە ڕوو ، ئێستا بە کام حەق ئاواتی شێخ جەناب ئیهانەی بکات و جنێوی ناشرینی پێ بدات و دەسبەسەری بکات ؟! ئەو کارەی ئاوات جارێکی تر برینی ئێمەی گەنجانی پاشماوەی ئەنفال دەکولێنێتەوە و ئەو کارە هێندەی تر تورەمان دەکات بەرامبەر بە دەسەڵات کە لە پاڵ ئەوەی بووتە پەناگەیەك بۆ ئەنفالچیەکان لە هەمان کاتدا سزای ئەوانەش دەدەن کە قسە لەسەر ئەو تاوانبارانە بکات ، هەر بۆیە ئێمە لای خۆمانەوە بەتوندی ئیدانەی ئەو کارەی ئاواتی شێخ جەناب دەکەین و لە هەمان کاتدا ئەوەش بە بیر یەکێتی نیشتمانیدا دەهێنینەوە کە ئەو کارەی ئاوات وا دەکات کە ئێمەی گەنجان و کەسوکاری ئەنافلکراوەکان زیاتر لە ئێوە دوور بکەوینەوە هەر بۆیە پیویستە سزای ئاواتی شێخ جەناب بدرێ بەرمبەر بەو کارەی کردوویەتی و هەروەها یەکێتی و ئاواتیش بە ڕەسمی داوای لێبوردنی لێ بکەن .

## کۆمەڵێك گەنجی پاشماوەی ئەنفال